Kurdistan Save the Children Children's Fund
منداڵپارێزی کوردستان

# عومەر فارس بەڕێوبەری سایتی کوردستان نێت لە کۆڕێکی ڕۆشنبیری سەنتەری گەنجانی ڕانیە

**لە هێڤارەوە**

**لە درێژەی کارو چالاکیە بەردەوامەکانی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەی سەر بە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٢٧ کاتژمێر ٥ ئێوارە ، لە باخچەی سەنتەر ، بەشی ڕۆشنبیری سەنتەری گەنجانی رانیە هەڵسا بە سازدانی کۆڕێکی ڕۆشنبیری بۆ بەڕێز ( عومەر فارس ) بەڕێوبەری سایتی بەناوبانگی ئەلکترۆنی کوردی ( کوردستان نێت ) لەسەر ( میدیای ئەلکترۆنی و ڕاگەیاندنی ئازاد ) کۆڕەکە لە لایەن (هێمن حەسەن) بەڕێوە براو ڕێژەیەکی زۆری گەنجانی کورو کچ و ڕوناکبیرانی ناوچەکە لە کۆڕەکە ئامادەبوون**

**عومەر فارس لە بابەتەکەیدا وێڕای باس کردن لە مێژووی میدیای ئەلکترۆنی و ڕەنگدانەو کاریگەریەکانی بەسەر سەردەمی ئیستامان تیشکی خستە سەر میدیای کوردی بە شێوازێکی گشتی و لە کۆمەڵگای کوردی دوا و باس لە ئازادی و ڕۆڵ و کاریەکانی ڕاگەیاندن و میدیای ئەلکترۆنی کرا دواتر دەرگای گفتوگۆ کرایەوە و ڕێژەیکی زۆری گەنجانی ناوچەکە بە سەرنج و تێبینیەکانیان بەشداریان لە بابەتەکەدا کرد ، جێی ئاماژەیە کۆڕەکە سەرجەم ٢ کاتژمێری خایاند**









